کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-6-2007 0:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەو هەواڵەی کە سایتی پەیامنێر بڵاوی کردۆتەوە

ئەمرۆ چوارشەممە بەرواری 2007-6-6 سایتی پەیامنێر کەسایتێکی هەواڵییە هەواڵێکی بێسەرو بەری بڵاوکردۆتەوەو چەندین هەڵوێستی ناپەسەندی خستۆتە ئەستۆی لایەنە ئیسلامییەکان و دەیەوێت دەستی چەوری بەسەر ئیسلامییەکانی کوردستاندا بسرێت، ئێمە نامانەوێ لێرە بەناوی هەرسێ لایەنی ئیسلامیی کوردستان وەڵام بدەینەوە، چونکە دوولایەنە ئیسلامییەکەی تری کوردستان خاوەنی ڕاگەیاندنی تایبەتی خۆیانن و دەتوانن وەڵامتان بدەنەوە، ئەوەی جێی سەرنج و وەڵامە ئەوەیە کە گوایا هەرسێ لایەنی ئیسلامیی کوردستانی لەگەڵ تەنازوولدان سەبارەت بەمادەی 140 ی دەستوورو وتراوە کەبزووتنەوەی ئیسلامیی وتوویەتی: قابیلە لەسەر شارێك بچینە شاخێك!! لێرەوە دەڵێین: هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامیی سەبارەت بەکێشە هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستان ڕوونەو قابیلی نەگۆڕە بەتایبەت کێشەی کەرکوك، کە باسك بەکێشەی سەرەکی دادەنێ و قابیلی تەنازوول نییەو، هەرگیزاو هەرگیز هەڵوێستی سەبارەت بەماددەی 140 ناگۆڕێت، وەك هەمیشە لەبەلاغی کۆتایی شووراداا هێمای پێکراوەو، لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش شاهیدی ئەوەن کە بزووتنەوەی ئیسلامیی لە بەهاری 1991 دا لە کاتی پرۆسەی ئازادکردنی ناوچەکانی کوردستان لەشاری کەرکوك ڕۆڵی بەرچاوی هەبووەو لەو پێناوەدا زیاتر لە 21 شەهیدیشی پێشکەشکردووە، جەماوەری کوردستانیش بزووتنەوەی ئیسلامیی باش دەناسن کە سیاسەتی نەگۆڕیی هەیەو هیچ کات ئەملاو ئەولای نەکردووەو یاری بەمافەڕەواکانی گەلەکەی ناکات! سەبارەت بە تۆمەتەکانی تری سایتی ناوبراو ئێمە ئەو تۆمەتانە بەدرۆ دەخەینەوەو تەحەددای هەرکەس و لایەنێك دەکەین کە پەنجەی تیرۆرو عەمالەت بۆ بزووتنەوەی ئیسلامیی رابکێشن، چونکە سوپاس بۆخوا بزووتنەوەی ئیسلامیی لەگەڵ ئەو هەموو پەراوێزخستن و ئابڵوقەی سیاسیی و ئابووریەی کەخراوەتە سەری توانیویەتی لەسەر پێی خۆی ڕابووەستێ، بۆیە دووبارە بەتوندی هەموو ئەو تۆمەتانە بەدرۆ دەخەینەوەو هیواداریین سایتی پەیامنێریش پێش بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێك لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو هەواڵە بکات، تا (مێداقیت) ی خۆی لەدەست نەداوە!

مالڵپەری بزووتنەوەی ئیسلامیی
1428-5-19 کۆچی
2007-6-6 زایینی
www. bzotnawa. net

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.